پەرلەمانتارێکی کورد: داهاتی ناوخۆی هەرێم زیادی کردووە نەك کەم



د.غالب محەمەد، پەرلەمانتاری رەوتی هەڤوستە لەگەڵ پەرلەمانی عێراق وەڵامی لێدوانەکانی ئەمڕۆی وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەداتەوەو دەڵێت، داهاتی ناوخۆ زیادی کردووە نەك کەم.

د.غالب محەمەد، پەرلەمانتاری رەوتی هەڤوستە لەگەڵ پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ پەیامێکدا ڤیدیۆیەدا وەڵامی پشتەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانی داوەتەوە کەوتبوی، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمدا باس لەوە کراوە کە داهاتی ناوخۆ فشارێکی زۆری لەسەرو بۆ رێژەیەکی زۆر کەمبوەتەوە، بۆ تایبەت داهاتی گومرگکان کەبۆ رێژەی 60% کەم بوەتەوە.

لەبەرامبەر ئەوەدا د.غالب محەمەد وتویەتی، داهات زیادی کردووە و کەمی نەکردوە. داهاتی گومرك زیادی کردوە و لەگەڵ مەرزەکاندا بەدەی خێیان شت داخۆ دەکەن و بەشکی زۆری بەقاچاغ داخێ ئێرەو عێراقی دەکەن، چونکە عێراق بێتە ئەسیکدا و ئەمان نەبون.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، داهاتی کارەبا بۆتە 100 ملیار دینار، بەڵام دەردەت بە کەمپانیایەك و ئەمان کارەباکەیان کردوە بە کەرتی تایبەت بۆئەوەی لەسەر داهاتی نانەوتی حسابی نەکەن.

ئەوەشی خستەڕو، داهاتی خزمەتگوزاریەکان بە ئاو و باج و ئەوانی تر هەموی زیادیکردوەو کەمی نەکردوە.

بەقسەی ئەو پەرلەمانتارەی رەوتی هەڵوەست، رۆژانە 50 هەزار بەرمیل نەوت لە بەغدا وەردەگرن بەناوی پکردنەوەی پداویستی ناوخۆ، ئەمان داویانە بە دو کەمپانیای خیان کە داهاتەکەی 137 ملیار دینارە لە مانگکدا.

وتوشیەتی"ئێستا بە درۆوە دەڵێن داهات کەمیکردوە، نایانەوێت 120 ملیارەکە بدەن تا خەڵك موچە وەربگرێت."

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، ئەمڕۆ بەدواداچونمان کرد وەزارەتی دارایی عێراق دەڵێت، ئەگەر 120 ملیار دینارەکەمان بۆ بنێرن، بەزوترین کات موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەنێرین.